کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22:28 25-8-2007

## کوردستان نێتیش خەریکە بەرەو هەڵدێر دەچێت ... مەلا جەعفەر گوانی



بەندە تا سەر ئێسقان بڕوام بە ئازادی ڕادەربڕین هەیە و، بە هیچ نووسین و وتارێکیش تووڕە و قەڵس نابین، وەلی ئەوە مانای ئەوە نییە وتار و بابەتە چەوت و هەڵەکان قسەیان لەسەر نەکرێت، چونکە ڕاستکردنەوەی هەڵەکان و ڕێنماییکردنی هەندێك کەس، کە هیچ شارەزاییەکی ئیجابیانەیان نییە، شتێکی پێویستە، ئەوەی پتر مەبەستمە لەو نووسینەدا، تایبەتە بە سایتی کوردستان نێت، کە ئێمە وەك مەلا کەسانێك کە شانازی بە کوردبوون و موسڵمانبوونی خۆمان دەکەین، هەمیشە شانازیمان بەوە کردووە، کە لەو سایتە دەنووسین، لەوانەیە لە زۆر دانیشتن و، مەجلیسی و کۆڕیشدا دیفاعمان لەو سایتە کردووە، بەوەی سایتێکی ئازادە و خاوەن کەسایەتیی و پێگەیەکی دیارە، بگرە لەوەش پتر بەندە یەکێك بوو لە هەندێك سایتی دیکەی ناحەز لەگەڵ کوردستان نێت دەینووسی، تەنها لە پێناوی ئەوەی لە کوردستان نێت و چەند سایتێکی باش دانەبڕێین وازمان لێیان هێنا.

وەلی خەریکە کوردستان نێت ئەو سەنگەی خۆی لە دەست دەدات، چونکە سەرپەرشتیاری سایتەکە هەر بۆچوون و تێڕوانینێکی هەیە، ئەوە شتێکی شەخیی و تایبەت بە خۆیەتی، بەڵام ئەو نووسین و بۆچوونانە لە سایتەکە ڕەنگ بداتەوە، ئەوە مایەی نیگەرانییە، بەمەش لەوانەیە کوردستان نێت میسداقیەتی لە دەست بدات، چونکە یەکێك لەو برگانەی کوردستان نێتی گەرم کردووە، مەسەلەی ئیسلام و موسڵمانێتی گەلی کوردە، ماوەیەکە زۆر بە ڕاشکاوی پێیەوە دیارە، ئەویش لە گرنگیدانی بەو بابەتانەی دژایەتی خودی ئیسلام دەکەن، نەك حزب و گرووپە ئیسلامییەکان، دەکرێ چەند نموونەیەك بهێنینەوە.

1) لە کاتی ڕاگرتنی زنجیرە درامای ئاریا، کوردستان نێت پێی وابوو کارێکی نایاسایی و ناشارتانی بوو، بۆیە هەر زوو کەمپینێکی کردەوە دژی ئەو بڕیارە، کە دەبوو پێشتریش دەبوو هەمان کەمپینی بکردبایەوە، چونکە ئەگەر ڕاگرتن لە دیدی ئەوانەوە سووکایەتی کردن بێت، ئەوا شێواندنی ڕاستییەکان و، هەقیقەتەکانیش سووکایەتییەکی دیکەی گەورەترە، پاساو هێنانەوەش بەوەی دواتر مەلا ڕۆڵی ئیجابی پێدراوە، ئەوە قەباحەتترە، چونکە ئەو مەلایەی ڕۆڵی ئیسجابی پێدرا بوو، دەرچووی زانکۆ بوو، کە دەکاتە مەلای چەند ساڵێك، ئەو هەموو مەلایەی پێشتری کوردایەتی، ئەوانەی لە حوجرەکان دەرچوونە دیارە ئەوانە هیچ لایەنەکی ئیجابیان نەبووە.

2) کاتێك سایتی کوردستان نێت هەواڵێکی بڵاوکردەوە لەسەر ئەوەی کە دوو بەرپرسی کۆمەڵی ئیسلامی یەکە و ژنێکی دیکەیان خواستووە، تا ئێرە ئاساییە، ئەگەر لەسەری بنووسن، ئەویش نەك لەبەر ئەوەی کوردستان نێت شتێکی نوێی دەرخستبێت، بەڵکو ئەوە پەیوەندی خودی ئایینەوە نییە، بۆیە من قسەی لەسەر ناکەم، هەرچەندە ئەوەی ئەوانیش هێشتا زۆر کەمترە لە بەرپرسانی حزبە عەلمانییەکان، کە زۆربەیان دوو ژن و سێ ژنیان هەیە و، سەرباری خانمە دۆستەکانیشیان. بەڵام سەیر ئەوە بوو کوردستان نێت وێنەیەکی لەگەڵ دانابوو، کە ماوەیەك بەر لە ئێستا کێشەیەکی جیهانی لێکەوتەوە، واتە یەکێك بوو لەو وێنانەی کاریکاتێریستە دانیمارکییەکە دروستی کردبوو، بە مەبەستی سووکایەتیکردن بە پێغەمبەری ئیسلام درودی خوای لەسەر بێت، بەمەش گوومانێکی زۆرمان کەوتە دڵ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەرامبەر سایتی کوردستان نێت، بەوەی دەستێکی غەیری رۆژنامەوانی لە پشتییەوە بێت و، کە دەشێت دژی کورد و کوردستانیش بێت، هیوادارم وانە بێت. کە لەو حاڵەتانەدا کوردستان نێت خیانەتی بە کوردستان کردووە، بەوەی لە ڕێی ئەو شتانەوە ئەمنی ئەم وڵاتە بخەنە مەترسییەوە، چونکە کوردستان نێت وەك سایتە هەرچی و پەرچییەکان نییە، کە هیچ شتێکی لەسەر حسیبَ نەکرێت. لەوانەیە مافی خۆشمان بێت لەسەر ئەو وێنانە بەرەو دادگا پەلکێشیان بکەین.

3) یەکێکی دیکە ئەوە بوو، کاتێك کەسێك بابەتێکی بڵاوکردبووەوە، لەسەر ئەوەی ئیسلام گەییشتۆتە یابان، کەسەکە نوسیبووی (ئەنفلۆنزای ئیسلام گەییشتە یابان)، تا ئێرە ئاساییە چونکە کەسەکە رای خۆی دەربڕیوە، بەڵام سەیرەکە ئەوە بوو، سەرپەرشتیارانی سایتەکە بۆ گرنگیدان بە باسەکە لەگەڵ وێنەیەکی مەزن لە تەنیشتی سایتەکەی دانابوو وەك شتێکی سەرنج راکێش، خۆ ئەگەر تەنها چەند هەواڵێك لەوانە بڵاو بکاتەوە کە رۆژانە چۆن رۆژئاواییەکان بەرەو ئیسلام دێن، ئەوا دەمانگووت قەی چییە کات، چونکە پێشتریش چەند هەواڵێکی موسڵمانانەی ئاوا بە گرنگییەوە دانابوون، بەڵام کە پێشتر هیچ شتێکی باشی نەکردبێت، ئەوا ئێمە مافی خۆمانە لێیانەوە بە گوومان بین.

بۆیە هیوادارم کوردستان نێت میسداقییەتی خۆی لە دەست نەدات و، وەك سایتە باشەکان بمێنێتەوە و، ڕەنگدانەوەی رای جەماوەری کوردستان بێت، نەك تەنها جێگەی نەخۆشان و، مارکسی و، ئەوانە بێت، کە جگە لە زمانی سووکایەتی هیچی دیکە نازانن.

cefergwani@gmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.